سوەد هیچ جۆرە پشتیوانییەک پشکەش بە یەپگە و پەیدە ناکات

وەزیری دەرەوەی تورکیا، هاکان فیدان ڕۆژی سەشەممە جەختی لەسەر گرنگی بەردەوامی ئاگربەست لە کەرتی غەزە کردەوە بە ژیانی دوو ملیۆن فەلەستینی کە وەک "بارمتە گیراون" و بە سەقامگیریی ناوچەکە.

ئەمەش لەمیانەی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا هات لەگەڵ وەزیری دەرەوەی سوید، ماریا مالمەر ستینگارد و وەزیری دادی سوید گونار سترەمەر لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا.

هاکان فیدان لەمیانەی کۆنگرەکەدا گوتوویەتی، "بەردەوامی ئاگربەست لە کەرتی غەزە گرنگە هەم لەووی پاراستنی دوو ملیۆن کەس کە لەوە بە بارمتە گیراون و هەم بە بەردەوامی سەقامگیری ناوچەکە".

هەروەها لە کۆنفرانسەکەدا، ستینگارد وەزیری دەرەوەی تورکیا ئاماژەی بە هاوکاری لەگەڵ تورکیا کرد لە شەڕی دژی تیرۆر و لە کۆنگرەکەدا ئاماژەی بەوەکرد؛ "ستەکهۆلم هیچ جۆرە پشتیوانییەک پشکەش بە یەکینەکانی پاراستی گەل-یەپگە، هەروەها پارتی یەکەتی دیموکرات-پەیدە و ڕەکخراوەی گولەن لە تورکیا ناکات".